# سەرکۆزیرانی ئیسرائیل سەردانی ئەمریکا دەکات و لەگەڵ سەرۆک دۆناڵد ترەمپ کۆدەبێتەوە

سەرکۆزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهو لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ گەیشتە واشنتۆن.

نوێنەری ئیسرائیل لە نێتەوە یەکگرتووەکان، دانی دانۆن لەبارەی ئەو سەردانەوە ڕایگەیاند: "خۆشحاڵم بە پێشوازیکردن لە سەرکۆزیران ناتانیاهو کە سەردانی واشنتۆنی کردووە بەمبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک ترەمپ، ئەمە کۆبوونەوەیەکی گرنگە کە هاوپەیمانی قوڕی نێوان هەردوو وڵات قووڵتر دەکاتەوە و هاریکاریمان زیاد دەکات".

پێشبینی دەکرێت ئەمڕۆ ناتانیاهو لەگەڵ ستیف ویتکۆف، نوێنەری تایبەتی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا کۆببێتەوە و بەیانی سەشەممە لە کۆشکی سپی لەگەڵ ترەمپ کۆببێتەوە.